# ئازادكردنی د.كەمالی سەید قادر و زیندانیكردنی سیستەمی قەزایی كوردستان

بەكر ئەحمەد

لەهەر شوێنێكدا سیستەمی لێبووردنی "تاوانبار", چ لە شێوەی لێبوردنی تاكە كەسی و گشتیدا بوونی هەبێت, ئیشكالییەتێكی گەورە لە سیستەمی قەزائیدا ئامادەیی هەیە. لەو ولاَتانەدا كە لێبووردن وێردی سەرزاری سەركردە و بەرپرسیارانی قەراری سیاسی و كۆمەلاَیەتین, سیستەمی سزا بە هەموو ماناكانی هەلگری ئەو چەمكەوە, پانتاییەكی گەورەی كۆمەلاَیەتی ژیانی ئینسانەكان داگیردەكات. واتا ئەگەر لێبوردن, ڕوخسارێكی "پۆزەتیف" ی كەسی لێبوردوودەركەر دەداتە دەست, بەلاَم بە دیوێكی تریشیدا, درندەیی و رووخسارێكی تەواو پێچەوانەی ئەو چوارچێوە كۆمەلاَیەتی و سیاسییەش نیشاندەدات كە لێبوردن دەكاتە ڕێگاچارەی ئەو گرفتەی كە هاتۆتە پێش.

لێبوردن, لەگەلّ ئاییندا دەبێتە دژەوێنەی چەمكی سزا. لە هەموو ئایینەكاندا ئینسان ڕووبەڕووی خودایەكی میهرەبان دەبێتەوە كە توانای لێبوردنی ئینسانەكانی هەیە, هاوكاتیش ئەم دلفراوانی و میهرەبانییەی كە خاوەند بە مەخلوقەكانی خۆی دەبەخشێت, سنووردارەدەكرێت بەو مەرجانەوەی كە ئینسان بۆی نییە تێپەڕێنێت. واتا ئەگەر ملكەچی فەرمانەكانی خاوەند نەبوویت, ئەوا دەرگا لەسەر چەمكی سزا لەبەردەمدا ئاوالّەیە.

هەر بۆیەش لە ڕێگەی ڕێتوالّەكانی لێبوردنەوە, سەركردەی سیاسی, جێگۆڕكێیەكی گەورە بە بوونی زەمینی خۆی دەكات و بەرگێكی تەواو ئاسمانی و ئایینی لەبەردەكات. واتا كاتێك سەركردەیەكی سیاسی لە ڕێگەی لێبوردنەوە, دلّفراوانی و میهرەبانی و بەتەنگەوەهاتنی كێشەی هاولاتییانی ژێردەسەلاَتەكەی خۆی نمایشدەكات, هاوكاتیش پەیامێكی دیكەی تەواو پێچەوانە بە ژێردەستەكانی خۆی دەبەخشێت. پەیامێك كە پووختەكەی لەوەدا چڕدەبێتەوە:" دەتوانم ژیانتان پێببەخشمەوە و لێشتانی وەربگرمەوە." ئەوەی لە پرۆسەی لێبوردنێكی فەردی و كۆمەلاَیەتیدا خۆی نمایشدەكات, خودی میهرەبانی و دلّفراوانی سەركردە نییە لە پلەی یەكەمدا, بەلّكو نمایشكردنی كولتوری "سزایە" كە بە گوێی كۆمەلّگادا دەدرێت.
واتا لێبوردن, لێرەیە نەوەك میهرەبانی و دلّگەورەیی سەركردە بە گوێی كۆمەلّگادا بچرپێنێت, بەلّكو لێرەیە تاكو پەیامی "تێنەپەڕاندنی سنوورەكان و گەورەیی و جەلادەتی دەسەلاَت هێندەی تر تۆخكاتەوە"

لەو كۆمەلّگایانەدا كە چەمكی لێبوردن بەشێك لە سیستەمی فەرمانڕەوایی داگیردەكات و لە بەرپرسیاری بچووكی فلاَنە كارخانەوە بۆ وەزارەت و دەستگا سیاسییەكان هەر یەكە و بەجۆرێك پەیڕەویدەكات, هاولاَتییان دەبنە ئەرزوحالّ نوسی ئەو گرفتانەی كە زۆر سادە ئیمكانی چارەسەریان هەیە و بەلاَم ناچارن دەستە و دوعا, "سەركردە", جا بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بێت, یان سەرۆكی ولاَتێك , ئاوڕێك لە ئاهونزاكەی ئەوان باتەوە.

هەر بۆیەش كارێكی هێندە سەرسوڕهێنەر نییە كە سەرتا پای ڕۆژنامەگەری كوردی بە حزبی و غەیری حزبییەوە, جێگایەكی هێندە فراوانی بۆ عەرزوحالّی هاولاَتییان تەرخانبكات. عەرزوحالێك كە لەلایەن مێدیای دەسەلاَتەوە بە "فراوانی پانتاییەكانی مەملەكەتی ڕادەربڕین و ئازادی هاولاَتییان لە ڕەخنەگرتن لە دەسەلاَت" ناوزەددەكرێت, بە دیوێكی تریشدا , ئیفلیجبوون و لەكاركەوتنی تەواوی سیستەمی كۆمەلّگای مەدەنی نمایشدەكات.

هەر بۆیەش سەیر نییە, هاولاتییانی شارو شارۆچکەیەکی کوردستان بۆ کێشەی ڕاکیشانی شەقامێك, نامە ئاڕاستەی سەرەککۆمار یاخود سەرۆکی حکومەتی ناوخۆیی بنێرن.
بە واتایەکی دی, لە پاڵ ئەو کاریگەرییانەی کە چەمکی لێبوردن لە زەینی ئینسانەکاندا دایدەنێت و لەسەرەوە بە کورتی ئاماژەم پێدا, لێبوردن, دەبێتە گۆڕهەڵکەنی دامودەستگای مەدەنیش. ئیتر کێشەی نەبوونی کورسی لە قوتابخانەیەکدا, گرفتی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەیەك نییە کە دەبوایە بەڕیوەبەر لە ڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە بە شوێنییەوە بێت, بەڵکو دەبێتە نامایەك و بۆ سەرۆکی حکومەت بەرزدەکرێتەوە.

لێرەوەیە کە لێبووردنی نێچیرەڤان بارزانی , ڕووخساری میهرەبانئاسای خۆی وندەکات و ئەو دیوی چەمکی لێبووردن بە تەواوەتی ئاشکرا دەکات. ئەویش خستنە سەر پشتی دەرگای زیندانە بۆ زیندانییەك و دیلکردنی سیستەمی قەزاییە لە شوێنیدا. کردەوەیەك کە ڕەنگە بۆ کەسانێك کە لە ڕووخسارە میهرەبانئاساکەی چەمکی "لێبووردن" گەیشتبێتن, هێندە سەرنجڕاکێشەر نەبێت کاتێك سزادان دەبێتە ڕووخساری دیوەکەی تری چەمکی "لێبوردن".

بەڵام تراژیدیا ئەوەیە, ئەوەی ئەمجارە لەم لێبووردنەدا سزادەدرێت, خودی سیستەمی قەزایی کوردستانە کە لە نمایشێکی گاڵتەجاڕیدا سزادەردەکات و هاولاتییان زیندانەکات, کەچی کاتێك دەبێت بە کۆمەڵگا بڵێت سزاکانم هەڵەبوون و بەو هۆیەوە تاوانبار ئازاد دەکەم, دەستێك لە پشتی ئەوەوە دێت و زیندانی دەردێنێت و ئەو لە زیندانی قوربانیدا دادەنێت. چەند تراژیدیاکەکی گەورەیە, لەبەرانبەر زیندانیکردنی سیستەمی قەزایی کوردستاندا, نە داوەرێك, نە محامییەك, نووزە لە دەمییەوە دەرنەیەت؟